# ئایا دەتوانێت ژنەکەی ناچار بەوازهێنان لە کار ووەزیفەکەی بکات

[ كردي – کوردی – kurdish ]


**موحەمەد صاڵح المنجد**

**سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)**



**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1434

IslamHouse.com

# هل له أن يلزم زوجته بترك عملها

« باللغة الكردية »


## محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2012 - 1434

IslamHouse.com

# ئایا دەتوانێت ژنەکەی ناچار بەوازهێنان لە کار ووەزیفەکەی بکات

**پرسیار:** من گەنجێکی دەستگیراندارم وخێزانم نەگواستەوەتەوە، ئەمەوێت کە خێزانەکەم دەست هەڵبگرێت لە کار و وەزیفەکەی ولەگەڵم سەفەر بکات بۆ ئەو جێگایەی کە دەمەوێت، بەڵام ئامادە نییە دەستهەڵگرێت لەکارەکەی، جا ئایا چارەسەری من چییە، چونکە من نامەوێت لەوە زیاتر کاتی خۆم لەگەڵیدا بەفیڕۆ بدەم، ئایا دەکرێت بەبێ ئەوەی ئەو مارەیەی کە لەگرێبەستەکەدا دانراوە کە پاشتر بیدەمێ واتە ( مهر المؤجل) ـەکە بۆی نەکەم و تەڵاقی بدەم، چونکە بەم کارەی کە بەگوێم ناکات واز لەکارەکەی بهێنێت بە(ناشزة) سەرپێچی کار دادەنرێت ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە .

مادام زەواجت لەگەڵدا کردووە و زانیووتە کە ئەم ئافرەتە کار دەکات و تۆیش لەسەرەتاوە بەوە ڕازی بوویت، و ئەوەت

بەمەرج نەگرتووە کە دەبێت دوای گواستنەوە واز لەکارەکەی بهێنێت، ئەوە بەهیچ شێوەیەك مافی ئەوەت نییە لەپاش گواستنەوە ناچاری بکەیت کە واز لەکار و وەزیفەکەی بهێنێت .

لە حاشیەی کتێبی (الروض المربع) دا هاتووە : « ( وله منعها من إجارة نفسها ) ، لأنه يفوت بها حقه، فلا تصح إجارتها نفسها إلا بإذنه ، وإن أجرت نفسها قبل النكاح صحت ولزمت »

قال في الحاشية : « أي صحت الإجارة ، ولزم عقدها، ولم يملك الزوج فسخها، لأن منافعها ملكت بعقد سابق على نكاحه » [حاشية الروض المربع لابن قاسم (٦/٤٤٤)] [الإنصاف للمرداوي(٨/٢٦٧)] .

واتە : پیاو دەتوانێت ڕێگری بکات لەخێزانەکەی کە کرێکاری بکات، چونکە بەو کارەی مافی پیاوەکەی پێشێل دەکات، بۆیە بۆ ئافرەت نییە بەبێ پرسی پیاوەکەی کرێکاری بکات، خۆ ئەگەر لەپێش نیکاح و گرێبەستی هاوسەرگیرێتی ڕۆیشت کرێکاری کرد ئەوە دروستە بۆی ودەتوانێت ئەوە بکات .

لەحاشیەی ئەم کتێبەدا شەرحی ئەم دەستەواژەیە دەکات و دەڵێت : واتە کرێکاریەکەی دروستە و ئەو گرێبەستە دەبێت بباتە سەر، و بۆ پیاوەکەشی نییە ئەو گرێبەستە هەڵوەشێنێتەوە، چونکە سوود و قازانجی ئەو کرێکاریەی بە گرێ بەستێك لەپێش زەواج دامەزراوە بۆ کەسێکی تر .

شێخ زەکەریای الانصاریش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت :
« لو أَجَّرَتْ حُرَّةٌ نَفْسَهَا إجَارَةَ عَيْنٍ لِإِرْضَاعٍ أو غَيْرِهِ بِغَيْرِ إذْنِ الزَّوْجِ لم يَجُزْ ، لِأَنَّ أَوْقَاتَهَا مُسْتَغْرَقَةٌ لِحَقِّهِ ..، أَمَّا بِإِذْنِهِ فَيَجُوزُ ، وَإِنْ تَزَوَّجَهَا مُسْتَأْجَرَةً لم يَمْنَعْهَا الْإِيفَاءَ لِمَا الْتَزَمَتْهُ ، كما لو أَجَّرَتْ نَفْسَهَا بِإِذْنِهِ » [أسنى المطالب (٤٠٩/٢)].

ئەگەر هاتوو ئافرەتێکی ئازاد خۆی دا بەکرێ (واتە گرێبەستی کرێکاری لەگەڵ کەسێکدا کرد) بەوەی شیربدات بە منداڵێك یان هەر کارێکی تر بەبێ ڕەزامەندی پیاوەکەی ئەوە دروست نییە، چونکە هەموو کاتی ئەو ئافرەتە دەبێت لەخزمەتی پیاوەکەیدا بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو بە رەزامەندی پیاوەکەی بوو ئەوە دروستە، بەڵام ئەگەر هاتوو کاتێك زەواجی لەگەڵ ئەم

ئافرەتەدا کرد ئەم ئافرەتە گرێبەستی کرێکاری لەگەڵ کەسێکی تر هەبوو، ئەوا بۆ ئەو پیاوە نییە ڕێگری لێ بکات لەنەکردنی ئەو کارە، چونکە هەروەك ئەوە وایە خۆی مۆڵەتی ئەو کرێکاری کردنەی دابێت .

جا بۆیە بۆ پیاو نییە زۆر لەخێزانەکەی بکات کە سەفەری لەگەڵدا بکات و وازی پێ بهێنێت لەکارەکەی مادامێك پێش زەواجەکەیان ڕازی بووبێت کە ئەو ئافرەتە کارمەندی حکومی یان کۆمپانیایەك بووبێت .

لەم کاتەدا دەکەوێتە سەر خۆت و خێزانت ئەگەر توانیت ڕازی بکەیت بەوەی واز لەکار و وەزیفەکەی بهێنێت ولەگەڵتدا سەفەر بکات بۆ ئەو شوێنەی تۆ مەبەستتە، ئەوە زۆر چاکە وبێ گیروگرفتە، بەڵام ئەگەر هاتوو خێزانت ڕازی نەبوو واز لەکارەکەی بهێنێت، چاکتر وایە جەنابت بگەڕێیت بەشوێن کارێکدا لەو جێگایەی کە کاری خێزانەکەشتی لێیە، ئەگەر

ئەوەت نەکرد و ڕازی نەبوویت بەوەها کارێك و وویستت هەر تەڵاقی بدەیت ئەوە بەهیچ شێوەیەك بۆت نییە ئەو مارەیەی کە دیاریت کردووە بۆی نەیدەیتێ، جا چی پێشەکی بێت یان پاشەکی، چونکە ئەو ئافرەتە بە (ناشزة) سەرپێچی کار دانانرێت لەم کاتەدا، بەڵکو دەبێت یان لەگەڵیدا بگونجێیت، یان تەڵاقی بدەیت وهەرچی ماف وهەقی هەیە بەسەرتەوە هەر هەمووی بدەیتێ، ئەویش ئەوەیە مادام پێش گواستنەوەیە نیوەی هەموو ئەو مارەیەی کە لەگرێبەستەکەدا دیاریتان کردووە بەبێ کەم وکوورتی تەسلیمی بکەیت .

لەخوای گەورە داواکارین خێزانت بۆ ئیصلاح بکات و لەسەر خێر وخۆشی کۆتان بکاتەوە .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە .